# PROFILE
## RC SERVICES

RC
AUTO CHAIN SERVICE

AUTO CHAIN SERVICE

# ئێمە کێین

خزمەتگوزارییەکانی ئۆتۆمبێلی RC دابینکەرێکی پێشەنگی خزمەتگوزاری ئۆتۆمبێلە لە عێراق، کە تایبەتمەندن لە چاککردنەوە و پشکنینی ئۆتۆمبێل. بە ئەزموونی زیاتر لە 40 ساڵ، توانیمان ناوبانگێکی باش دروست بکەین لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و بەرهەمی کوالیتی بەرز کە لەگەڵ پێوەرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا دەگونجێن. ئێمە شانازی دەکەین بە خزمەتکردنی دامەزراوە حکومییەکان، کونسوڵگەرییە بیانییەکان، ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کڕیارە بازرگانییەکان بە متمانە و سەلامەتییەکی بێهاوتا.

RC

AUTO CHAIN SERVICE

# ڕوانگەی ئێمە

ئەوەیە ببینە متمانەپێکراوترین و خوازراوترین دابینکەری خزمەتگوزارییەکانی ئۆتۆمبێل لە عێراق. هەوڵدەدەین پەیوەندیی درێژخایەن لەگەڵ کڕیارەکانماندا دروست بکەین لە ڕێگەی ڕاوێژی ڕاستگۆیانە، کوالیتیی کارکردن و خزمەتگوزاریی ناوازەوە.


# پەیامی ئێمە

ئێمە پابەندین بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی باوەڕپێکراو، دەستپاکانە و پیشەییانە بۆ ئۆتۆمبێلەکان. پەیاممان بریتییە لە دەستەبەرکردنی چاککردنەوەی هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێک بە شێوەیەکی دروست و کاریگەر، بە بەکارهێنانی پارچەی یەدەگی ڕەسەن و نایاب، لەگەڵ پاراستنی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ڕوون لەگەڵ کڕیارەکانماندا بۆ ئەوەی ئەنجامەکانمان لە سەرووی چاوەڕوانییەکانی ئەوانەوە بن.

RC
AUTO CHAIN SERVICE

# ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکەین

### 1. پێکهاتەکانی بزوێنەر:



- **ڕۆنی بزوێنەر و فلتەری ڕۆن**: بۆ ڕێگریکردن لە داخوران و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی
- **فلتەری هەوا**: بۆ دەستەبەرکردنی گەیشتنی هەوای پاک بە بزوێنەر.
- **فلتەری سووتەمەنی**: بۆ ڕێگریکردن لە گەیشتنی پیسی و خڵتە بۆ ناو بزوێنەر.
- **پلاک**: بۆ دڵنیابوونەوە لە سووتانی دروست و کارایی سووتەمەنی.
- **قایش تایم**: بۆ ڕێگریکردن لە تێکچوونی بزوێنەر بەهۆی نارێکیی ڕیزبەندییەوە

### 2. سیستەمی برێک:




- **فەحمەی برێک**: گۆڕینی لە کاتی خوران و تەواوبووندا بۆ پاراستنی هێزی وەستاندن.
- **دیسکی برێک**: پشکنینی بۆ دڵنیابوونەوە لە نەبوونی تێکچوون یان خواروخێچی.
- **ڕۆنی برێک**: گۆڕینی لە حاڵەتی پیسبوون یان کەمبوونەوەی ئاستەکەی.
- **سۆندەکانی برێک**: پشکنین بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی لێچوون یان تێکچوون.

### 3. تایە و ویلەکان:




- **پەستانی تایە**: دڵنیابوونەوە لە پەستانی هەوای دروست بۆ سەلامەتی و کارایی.
- **قووڵیی نەخشی تایە**: پشکنینی توانای لێکخشان و گرتنی پێویست (لەسەر ڕێگا).
- **میزانکردنی ویلەکان (میزانیة)**: بۆ ڕێگریکردن لە خورانی نارێکی تایەکان.
- **بەلانسکردنی ویلەکان (ترصیص)**: بۆ نەهێشتنی لەرزین لە کاتی لێخوڕیندا.

## 4. هەڵواسراو و ئاراستەکردن (تەعلق و ئیستێرن):




- **دەبڵەکان**: بۆ دڵنیابوون لە لێخوڕینێکی نەرم و جێگیربوونی ئۆتۆمبێلەکە.
- **بەستەرە گۆییەکان (بۆڵت جوینت)**: پشکنینیان بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی خوران.
- **کۆمەڵەی ئاراستەکردن و شلەکان**: بۆ دڵنیابوون لە نەرمی پرۆسەی ئاراستەکردن.

## 5. پاتری:




- **جەمسەرەکانی پاتری**: پاککردنەوەی خوران و توندکردنی بەستەرەکان.
- **ئاستەکانی ڤۆڵتیە**: بۆ دڵنیابوون لە شەحنکردن و کارکردنی دروست.
- **دۆخی پاتری**: گۆڕینی لە کاتی لاوازبوون یان تێکچوونیدا.

## 6. سیستەمی ساردکەرەوە:



- **ئاستەکانی شلەی ساردکەرەوە**: بۆ ڕێگریکردن لە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی بزوێنەر.
- **ساردکەرەوە (ڕادێتەر)**: پشکنین بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی لێچوون یان گیران.
- **وەتەرپەمپ**: بۆ دەستەبەرکردنی سوڕانەوەی دروستی شلەی ساردکەرەوە.

## 7. سیستەمی گواستنەوەی جوڵە (گێڕ):



- **شلەی گواستنەوەی جوڵە (ڕۆنی گێڕ)**: بۆ دڵنیابوون لە نەرمیی گۆڕینی گێڕەکان.
- **کلاچ (بۆ گێڕی ئۆتۆماتیك/عادی)**: پشکنینی خوران و ڕێکخستنی بەپێی پێویست.
- **سیستەمی گێڕی ئۆتۆماتیک**: پشکنینی کارکردنی دروست.

## 8. سیستەمی ئەگزۆز:



- **بێدەنگکەر**: بۆ کەمکردنەوەی دەنگی بزوێنەر و کۆنترۆڵکردنی دەردراوەکان.
- **گۆڕەری هاندەر**: بۆ کەمکردنەوەی گازە زیانبەخشەکان.
- **بۆرییەکانی ئەگزۆز**: پشکنین بۆ درز، کونی یان ژەنگگرتن.

## 9. سیستەمی کارەبایی:



- **داینەمۆ**: بۆ دڵنیابوون لە شەحنکردنی پاتری و کارکردنی بەشە کارەباییەکان.
- **سەلف (سلف التشغيل)**: پشکنینی کارکردنی بزوێنەر بە شێوەیەکی دروست.
- **وایەر و فیوزەکان**: دڵنیابوونەوە لە نەبوونی بەستەری شل یان تێکچوو.

## 10. سیستەمی ڕوناکی:




- **لایتەکانی پێشەوە و دواوە**: بۆ دڵنیابوون لە بینین لە کاتی لێخوڕینی شەودا.
- **لایتی برێک**: بۆ دڵنیابوون لە ئاماژەکانی وەستانی دروست.
- **ڕوناکی ناوەوە**: بۆ پاراستنی ڕوناکی کابینەی ئۆتۆمبێلەکە بە شێوەیەکی دروست.

## 11. سیستەمی ساردکردنەوە و گەرمکردنەوە (HVAC):




- **فلتەری هەوای کابینە**: بۆ پاراستنی کوالیتی هەوای ناو ئۆتۆمبێلەکە.
- **کۆمپرێسەری ساردکەرەوە**: بۆ دڵنیابوون لە ساردکردنەوەیەکی کاریگەر.
- **ماتۆڕی پانکە**: پشکنینی کارایی ڕۆیشتنی هەوا.

### 12. جام و سڕەرەکان:



- **فلچەی سڕەرەکان**: گۆڕینیان لە کاتی خوران یان تێکچووندا.
- **شلەی جام شۆر (ئاوی وایپەر)**: پڕکردنەوەی بە بەردەوامی.
- **جامی پێشەوە**: پشکنین بۆ بوونی درز یان شکان.

### 13. سیستەمی سووتەمەنی:



- **نۆزڵەکان**: پاککردنەوەیان بۆ دڵنیابوون لە دابەشکردنی گونجاوی سووتەمەنی.
- **فیوڵ پەمپ**: بۆ دەستەبەرکردنی ڕۆیشتنی سووتەمەنی بە شێوەیەکی نەرم.

AUTO CHAIN SERVICE

## بۆچی خزمەتگوزارییەکانــی ئۆتۆمبێلی RC هەڵدەبژێریت؟

• **تیمێکی خاوەن لێهاتوویی بەرز**: تیمەکەمان لە کەسـانی پیشـەگەر پێکدێت کە ئەزموونیان لە نێوان 30 بۆ 40 سـاڵدایە لە پیشەسـازیی ئۆتۆمبێلدا.

• **بەرهەمـی کوالێتی بەرز**: ئێمە پارچــەی یەدەگی نایاب و ڕۆنی ئۆتۆمبێل بەکاردەهێنیــن کە لەگەڵ پێــوەرە نێودەوڵەتییەکاندا دەگونجێن.


• **نرخــی ڕکابەری**: ئێمە خزمەتگوزاریی کوالێتــی بەرز بە نرخێکی گونجاو پێشکەش دەکەین.

• **ڕەزامەنــدی کڕیار**: ڕەزامەندی کڕیارەکانمان دەخەینە پێشـینەی کارەکانمانەوە لە ڕێگەی پێشکەشـکردنی خزمەتگوزارییەکی ڕاسـتگۆیانە، متمانەپێکراو و کاریگەر.

0750 500 9006 | RC Service | rc_service

هەولێر, شــەقامی 60م| بغداد, الدورة | ديالى, بعقوبة

# لقەکانی RC سـێرڤس لە عراق



RC

AUTO CHAIN SERVICE

UFI FILTERS eilfix RYMAX LUBRICANTS SAMOA TEXA